دامەزراوەی
ستراتیژی
نیشتمان

نیشتمان

شەن و کەو

# کچانی دووکەڵ و ئاگر




نووسەر:
**ئاڤا هوما**

ئامادەکردنی:
**هۆشەنگ شێخ موحەمەد**

nishtmansi.com
@nishtmansi

لڕۆمانی (کچانی دووکەڵ و ئاگر) یەکێکە لەو نووسینانەی (کورد) بەشێوە و ناوەڕۆکێکی زۆر قووڵ و زۆر فراوان تێیدا حازرە. کە دەڵێم کورد، هەم وەک تاک هەم وەک کۆ، هەم وەک هۆشیارییەکی تاک و هەم وەک هۆشیارییەکی گشتی. کورد هەموو وێنە مرۆییەکانی ئەم سەردەمە وەردەگرێت، قوربانی، شۆڕشگێڕ، ئازا، شەڕڤان، خەباتکار، مامۆستا، یاخی، ئازاد، چاونەترس، هونەرمەند، سینەماکار، نووسەر، ڕۆشنبیر، ئارەزووداری ژیان، هەڵگری مێژوویەک کە باری جیهان و دنیا گران دەکات، خاوەنی دەیان و سەدان چیرۆکی مرۆیی ناوازە، میللەتێکی دابەشکراو لەنێوان کۆمەڵێ دوژمن و نەیار و داگیرکاردا، کە هیچ شتێکی پێ ڕەوا نابینن تا وەک مرۆڤێکی ئاسایی ئەزموونی ژیان و جیهانی پێ بکات.

هەم ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە، هەم تەکنیکی ڕۆمانەکە، کاراکتەرەکان، ڕووداوەکان، گێڕانەوە، گواستنەوەی زەمەن و شوێنەکان، تەنانەت گواستنەوەی بۆشایی و وەستان و پەڕینەوەی وشە و بڕگە و پەرەگراف و بەندەکان، بۆ من کارێکی زۆر سۆفییانە بوو! کەم نووسینی وام دیوە، خوێنەر - بەلایەنی کەمەوە بۆ من – لەگەڵ گواستنەوەی بەندەکان، لە بەندێکەوە بۆ بەندێکی دیکە، هەست بکەم منی خوێنەریی سۆفیش، لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی بەرزتر و لە مەقامێکەوە بۆ مەقامێکی باڵاتر دەگوازرێمەوە!

لەم ڕۆمانەدا، گواستنەوەی نووسین، مرۆڤ و جیهان وەک ئەوەی دەربڕین لە کارێک بکات کە وجوودی بێت و سەر بە جیهانی زمان نەبێت، بەڵکو سەر بە جیهانی واقیعێک بێت، کە توانای گواستنەوە بە خوێنەر بدات، تا لەگەڵ ڕۆمانەکە بکەوێتە دۆخێکی سۆفییانە و بەرەو بەرزەک و سەروو هەڵبکشێت. لەم ڕۆمانەدا خوێنەر بەئەقڵ و دڵ بەرز دەبێتەوە، نووسەر دوو باڵت دەداتێ، بەرزت دەکاتەوە، تا باشتر برین و خوێنڕژان و قوربانیدان و بەرخۆدانی خۆت ببینی!

ئەم ڕۆمانە لەڕێی برین و بەرەنگاری، کوشتن و گیانفیدایی، زیندان و ئازادی، لەهەموویشی گرنگتر لە ڕێی حزووری مرۆییانەوە، خوێنەر بەرەو جیهانێکی باڵاتر بەرز دەکاتەوە! جیهانێک کە تێیدا بیرکردنەوە و ئاشتبوونەوە لەگەڵ تاریکی و بەرگەگرتنی ئازار و ئەشکەنجەکانی ئەم ژیانە ئیشراق دەکات!

کوردبوون، ژنبوون، خۆرهەڵاتیبوون، منداڵبوون، گەنجبوون، پیربوون و چەندین وردەبوونی دیکەش لەنێو بوونی دەوردەردا، پارچەیەک لە ئەزموونی پڕ ناسۆر و واتاداری ئێمەی کورد پێکدەهێنن. ئەم هەموو وردە بوونانە، سەرئەنجام وەک کتێبێکی موقەدەس، سەرگوزەشتەی کەسێک یان چەند کەسێکی وەک لەیلا و چیا و (فەرزاد کەمانگەر) تۆمار دەکات، پەیامێکی زەمینی پاک بە جیهاندا بڵاودەکاتەوە و تەئویل و تەفسیرێکی نوێ بەو وردەبوونانە دەداتەوە، تا مرۆڤ بتوانێت باشتر و چاکتر ئەزموونی بوونی دەوردەر بکات. ئەم ئەرکەش لەرێی (وشە) جێبەجێ دەکات. زمانی مرۆڤگەلێک، کە دەیانەوێت بە (وشە) دڵ بە مرۆڤەکان و ئازادی بە ژیان و جوانی و ستایش بە بوون بدەنەوە. لەم ڕۆمانەدا ئەم بوونە دەوردەرە (کوردبوون)ە! وردەبوونەکانی تریش وەک ئەوەی ئەستێرە بن و سەر بەهەسارەی خۆری (کوردبوون) بن!
خەیاڵی ئەم ڕۆمانە، خەیاڵی مێژووی نوێ و دێرینی ئێمەیە، ئەو خەیاڵەی نایەوێت لە ژێر پەتی سێدارە و زەبر و زەنگی چەوسێنەران دەست لە جوانی و ئازادی و بەها ئینسانییەکانی هەڵبگرێت. خەیاڵی کات و شوێنێک لەنێوان خەونی خۆش و واقیعی تاڵدا، خۆزگەی بچووکی کەسەکان دەگوازێتەوە، خۆزگەی قسەکردن بە زمانی دایک، خۆزگەی مێژوویەک منداڵان گوێ لەگێڕانەوەکانی بگرن، ژنێک بە ئازادی لەسەر شەقامێک، یان لە باخێکدا پێبکەنێت، دەیان خۆزگە و هیوای بچووک کە لەو سەری دنیادا کەس بیری لێ ناکاتەوە. ئەو خۆزگە بچووکانە دەبنە خورپەی شەیتانی و خوای دوژمنان تووڕە دەکات! بەڵام ئەم خەیاڵەی لەنێو ئەم ڕۆمانەدا هەیە، (خەیاڵی کوردبوون) بە خواوەندی دوژمنان ناگیرێت و گەمارۆیان دەدات!

زۆر خۆشحاڵ بووم کورد ڕۆماننووسێکی وەک (ئاڤا هوما)ی هەبێت، هەم زیرەک و هەم بوێر و خانومان! ڕۆمانەکەی لە فەرشی ژنێکی کوردی دەستڕەنگین دەچێت، کە هەر بەندێکی چنینەکەی بەدەم چڕینی دەیان گۆرانی و سترانی بەرخۆدان و ئارەزووی ژیانکردن و ئەزموونێکی شەرەفمەندانە و گەورەی بۆ ژیان هەبێت چنیوەتەوە، (ئاڤا هوما)ش وەک ئەو ژنە دەستڕەنگینە، جگەلە هونەرە بەرزەکەی، بە کەسەر و فرمێسک و تلانەوەی بوونێکی گران، ئازاردەر، بەڵام ئازایانە فەرشی ڕۆمانێکی بۆ چنیوین، کە مێژووی ئەدەبی و ڕۆمانی کوردی شانازی پێوە بکات.

هەروەها زۆریش خۆشحاڵ بووم کە وەرگێڕێکمان هەیە ناوی کاک (شەفیقی حاجی خدر)ە، کە زمانی ڕۆمانەکەی وەها وەرگێراوە، کە هەست نەکەی (ئاڤا هوما) ئەم ڕۆمانەی بە کوردی نەنووسیوە! سوپاسی (شەفیقی حاجی خدر) دەکەم بۆ وەرگێرانی ئەم ڕۆمانە، ماندووبوونێکی زۆری بینیوە، ئەرکێکی گەورەی کێشاوە، شاکارێکی وەرگێڕدراوی پێشکەش کردووین! وەرگێڕانەکە بەتەنیا  کارێکی گەورە و گرانە بۆ مێژوو و خەیاڵ و زمان و ئەدەبی کوردی!